سەید حەکیم: کۆتاییهاتنی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی پەیامێکی چاکبوونەوەیە و گەڕانەوەی سەروەری تەواوی عێراقە

لەپرێس کۆنفرانسێك کە لە پارێزگای بابل بەسترا، پاش دیداری سەماحەتی سەید حەکیم لەگەڵ حکومەتی ناوخۆیی پارێزگاکە و پاش گوێبیستی بەڕێزیان لە دۆخ و کێشەکانیان و هەوڵی چارەسەرکردنیان سەید حەکیم بابلی بە پایتەختی شارستانیەت ناوبرد و گوتی لێرە لە بواری ئاسەوار و شارستانیەت و کشتوکاڵ و پیشەسازی توانای گەورە هەیەو پێویستە ئەو تواناییانە بۆ خواست و خزمەت و پێداویستییەکانی ڕۆڵەکانی ئەم شارە بێت.

سەماحەتی حەکیم کۆتاییهاتنی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە پەیامێکی چاکبوونەوە و گەڕانەوەی سەروەری و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی وەسفکرد و جەختی کردەوە کە لەسەر گرنگی لا مەرکەزییەتی ئیداری و بەڕاستییەکی دەستووری وەسفکرد و گوتیشی عێراق بەهێز دەبێت گەر دەست بە ڕێپێدانە دەستووریەکان بدات سەبارەت بە حکومەتە ناوخۆییەکان.
لەکۆتاییشدا سەماحەتی هیوای گەشەسەندن و پێشکەوتنی زیاتری بۆ پارێزگای بابل خواست و ستایشی حکومەتی ناوخۆیی کرد لە ئەکتیفکردنی پڕۆژەکان و بەردەوام بوونیان.